# نوێنەرانی سوکایەتی بە کەرکوکی

ئاری ئارام

هەر لە پاش راپەرینەوە کۆمەڵی لەو کاربەدەستانەی ناو حزبەکان کەوتنە سوکایەتیو بازرگانی بە خەڵکی سنوری کەرکوکەوە ئەو دووانزە ساڵەی ئاوارە بوون بەڵگەیەگی زیندووە ..لە گەل هەر کاربەدەستیکی حزبی باسی کەمۆ کورتی ئاوارەت بکردایە لە وولامدا دەیان گۆت هەر وا دەبی ئیوە لە شوینی خوتان نین ئەم کیشانە هەر دەبی وەک ئەوەی ئیمە خەڵکی وولاتیکی تر بین یا زمانیشمان کوردی نەبی لە گەلٚ لیپرسراویکی حزبی باسی کەمۆ کورتی ئاوارەمان کرد ووتی ئیوە بگەرینەوە شاری خوتان ئەم کیشانەتان نابی لە راستیدا بە گومان بۆین لە وولامەکەی چونکە لە نزیکەوە شارەزایان بووین ئەوە بوو هەر لە یەکەم رۆژی ئازادی کەرکوکەوە کەوتنە تالان کردن وەک ئەو سالانەی عەرەبی حەویجە تالانی ئیمەیان دەکرد بەلکۆ لەوانیش خەراپتر یان کرد بە ناوی نوینەرانی کەرکوکەوە هەمۆ شتیکی پیویستی ئەو شارەیان تالان کرد ئەمانە یەکەم نوینەری کەرکوک بوون هەموشیان لەو کاربەدەستانە بوون

لە دوهەم کاردا بۆ نوینەرایەتی کەرکوک ئەو شەش بە شەشە بوو دروستیان کرد لەویوە سوکایەتی دەستی پیکرد کە هەندی لەو خەڵکە نابوتەو بی شەخسیەتەیان کردە نوینەر هەر لەوی زولمیکی تر کرا لە کوردی کەرکوک

دامەزراندنۆ دەستنیشان کردنی کەسانیک بۆ ئەنجومەنی کەرکوک و پەرلەمانی کوردستان و عیراق وەک تەماتە فرۆشیک چۆن تەماتەی رزیۆو باش تیکەلٚ دەکات ئەمانیش وایان کرد پیش هەمۆ شتیک ئەوانە هەلبژاردەو نوینەری کۆمەلی لەۆ کاربەدەستۆ سەرکردانەن پاش ئەوان نوینەری حزبەکانن لە کوتایدا نوینەری کوردن هەندی لەو نوینەرانە لە ئاستیکی زۆر نزمدان لە هەمۆ بوواریکدا مەبەستیش لەوەی ئەو کەسانە کە دەستنیشان کراوە ئەو قسەیە بسەلمینن کە هەندی لەۆ سەرکردانە دەڵین خەڵکی کەرکوک کەسایەتی تیدا نیە لە ئاستی لیپرسراوۆی بی ئەم قسەیە بە کەسانیک ووتراوە کە ئیستا بۆتە سەرکردایەتی لە سنوری کەرکوک بەلام بی دەنگ بووە ئەویش هەمان کار دەکا لە کەرکوک تا ئەو ئیهانەیە بکاتەوە بە خەڵکی کەرکوک لیرەدا ئەوە راستیەکە ئەو سەرکردانەی کەسانیکیان کردوتە سەرکردایەتی لە سنووری کەرکوک لە ئاستی لیپرساوۆی نیە بە لکۆ کیشەیان بۆ سنوری کەرکوک دروست کردووە ئەمانەش خەڵکی زۆر نا شیاویان هیناوە بە ناوی نوینەرانەوە دایان ناوە

لەناۆ ئەو نوینەرانەدا کۆمەلی کەسۆ کاری شەهیدی تیدایە ئەگەر شەهیدەکان زیندۆ ببنەوە ئەو کارە بە باشی نازانن لەسەر حیسابی خوینی ئەوان دامەزراون بە نوینەرایەتی خەڵک ..شەهیدانی سەربەرزی ریگای رزگاری و ئازادی مرۆڤایەتی خەباتیان کرد تا شەهید بوون ئەو ان بی دەنگیان قەبۆل ناکرد تا لە کاربەدەستانی حزبەکانی خویان وە نەبونە دەسکەلای کەسیش بۆ پلەۆ پایە پیچەوانەی ئەو انەی ئیستا کار بەدەستن سەری خۆیان وون کردووە وەک نەعامە لە ناۆ زەویدا دەیشارنەوە هەرچی گەورەکانیان بیکا ئەوان ئیمزای دەکەن کویرانە هەرچەندە خەڵکی پاکیان تیدایە بەلام لەترسی پلەۆ نان برین و پاراستنی کورسی نوقەیان نییە

زۆر لەۆ نوینەرانە ناتوانن نوینەرایەتی خیزانەکانی خۆیان بن وا دامەزراۆن بە نۆینەرایەتی کەرکوک .

بەو هەمو کیشەو کارەساتانە هەیەۆ هەندی لەۆ کاربەدەستانەی ئیستا دروستیان کردوە لەو شارەدا .

ئەگەر رووە راستیەکەی کومەڵی لەۆ نوینەرانە بلاۆ بکریتەوە وە رابردویان بلاۆ بکریتەوە ئەوە دەر دەکەوی کە ئەوانە لە ئاستی مەسئولیەت نین ئەوە نا کە خۆیان دینە سەر تەلەفزیونی حزبەکان باسی خۆیان دەکەن بەلکۆ راستیکان وەک خویان چۆنن هەر کەس لە نزیکەوە بیناسی دەزانی هیچیان تیا بەسەر نیە یەکی لەۆ بەریزانە کە خاوەن خەباتە لە ناۆ شورشدا وە هیچ شوین دەستی دیار نیە هەمۆ کاتیک وەک فەرمانبەر بە بریار بۆتە کار بەدەست یەک جاریک لەناۆ هەڤالانی حزبەکەی خۆی بەشداری هەلبژاردنی کرد یەک دەنگی

هینا ئەویش دەنگی خۆی بۆ ئەمە چۆن نوینەریکە ******کەسانیکی تریش لەۆ نۆینەرانە لە هەمۆ رویەکەوە کەمۆ کورتیی زۆرە باس ناکری ئەوە دە س پیسۆ .....هتد لەو لاوە نوینەریکی پەرلەمانی کوردستان لەسەر حیسابی خەلکی کەرکوک لە ناۆ حزبەکەی لەسەر دزی دوور خرایەوە ئیستا کراوەتەوە نوینەر ))حامیها حرامیها(((ئەوی تر بۆ پەرلەمانی عیراق دامەزراوە هەمۆ ژیانی پیاوی مستەشاریک بۆوە لەناۆ کەرکوک تا ئازادی کەرکوک یەکی خزمی فلانە ئەوی تر سکرتیرۆ سکرتیرەی فلانە بوو ئەم کارانە شتیکی هینایەوە یادم کاتی بەعس قائد فرقە یەکی بەعس مراسلەکەی خۆی دەست نیشان کرد کرا بە ئەفسەرۆ نوت شجاعە ی وەرگرت ئەو کارانە بە کوردی دوبارە دەبیتەوە ئەمانە نۆینەری هەندی لەسەرکردە نا مەسئولەکانن نەک نۆینەری خەباتۆ خوینی شە هیدان لە سنوری کەرکەک تا کەی سوکایەتی بە ناوی شورشگیریەوە نا مەسئولان